# ئەلفریدە یەلینیك
# هەڵگری خەڵاتی (نۆبڵ)بۆ ئەدەبساڵی 2004
# ئەدەبی بۆرنوگرافی لە دایكبووی خەیاڵدانی نێرینەیە




## سازدانی دیمانە / جومانە حەداد
## و/بۆ كوردی/عەلی نارێنی

كاتێك كە یەلینیك نۆبڵی بە دەست هێنا،نەمدەزانی كە ئەم ژنە رۆمانووسە بە زۆری لە وڵاتەكەیدا بێزراوەو،بە چەپڕەوی فاشیست ناسراوەو،ژمارەیەكی زۆریش لە كتێبخانەكانی ئەو وڵاتە فرۆشتنی كتێبەكانی رەتدەكەنەوەو،هەر كتێبێكی نوێیشی چاپدەكرێ یان شانۆنامەیەكی نمایشدەكرێ،چەندین رێپێوانی نارەزاییی دژی ئەنجام دەدرێ.بۆ؟گەڕام وپرسیارمكردو دەرەنجام وەڵامم دەستكەوت:چونكە نوسینەكانی ئەم ژنە بە توندوتیژییەكی زمانەوانی بێ وێنە هەموو برینەكان دەكولێنێتەوە:برینی سەرەڕۆییەكانی راستڕەوی توندڕەو،برینی نەمانی بەهای ئەخلاقی،برینی ترسنۆكی پیاوان، برینی بێدەنگی ژنان بەرامبەر ترسنۆكی پیاوان،برینی سێكس كاتێك دەبێتە جێگرەوەی خۆشەویستی،برینی خۆشەویستی كە بەشی هیچ ناكات،برینی خراپەكاری هاوشێوەی ئافات لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكاندا،برینی هەرزەكارەكان كە بەدوای هیچدا دەگەڕێن،برینی بێهودەیی جەنگ،برینی مەحسوبیەت ولایەنگریی ورەگەزپەرستی وچینایەتی.

ئەلفریدە یەلینیك لە 20ی تشرینی یەكەمی ساڵی 1946 لە دایك بووە.دایكی یەلینیك كاسۆلیكی نەمساوییەو بەرەگەز سلاڤی رۆمانییەو،سەر بە خێزانێكی بۆرژوازییە لە ڤێنا.باوكی زانایەكی كیمیاناسی یەهودیی ولە خێزانێكی چیكی هەژارە،بەڵام رۆشنبیر.پەیوەندی یەلینیك بە دایكی خۆسەپێن ودەسەڵاتداریەوە كارەساتبارو روخاوبوو،خودی نوسەریش ئەم پەیوەندیەی لە رۆمانی (كچەی پیانۆ ژەن)دا باسكردووە،كە دواتر ئەو رۆمانە كراوەتە فیلمی سینەمایی.دایكی یەلینیك سوور بوو لە سەر ئەوەی كە كچەكەی بكاتە یەكێك لە بلیمەتەكانی بواری میوزسازی،بۆیە گوشارێكی درندانەی خستۆتە سەرو ناچاری كردووە هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە تا شازدە ساڵی بێ دابڕان دەستبكات بە خوێندنی وانەی میوزیكی لە بارەی ئامێرەكانی(پیانۆو كەمانچە)دا.بەڵام یەلینیك لە توانایدا نامێنێ لەوەش زیاتر خۆ راگربێ وبە بارێكی دەروونی ترسناكدا تێدەپەڕێ ودواتریش یاخی دەبێ لە دەسەڵاتی دایكی وروو دەكاتە زمانەوانی((نوسینم

هەڵبژارد چونکە تاکە شتە کە دایکم هانی نەدەدام فێری بم)).باوکیشی بە شێتی لە یەکێك لە نەخۆشخانەی شێتەکاندا کۆچی دوایی دەکات.

یەلینیك ژنێکە حەزی بە دەرکەوتن نییە ولە دەرکەوتنە ئاشکراکان خۆیی دوور دەگرێ،بەلاّم بە پێی هەندێك لە کەسە نزیکەکان لە ئەوەوە،هەستێکی گاڵتەئامێزی هەیەو وەك زۆرینەی نەمساوییەکانیش،وێڕای بارودۆخی گرانی ژیانی،حەزی بە گاڵتەکردنە.ئەو ژنێکە لە رووی سیاسییەوە مولتەزیمەو تێدەکۆشێ لە پێناو مافەکانی ئافرەت ودژ بە چینایەتی کۆمەلاّیەتییە،حەزی بە تێکشکانی کلێشە کۆمەلاّیەتیەکانە.هەروەها ئامرازەکانی زمانیش بە کاردێنێ،بەکارهێنانێکی پێشەنگانە،زۆرجار پێشەکی رۆمانەکانی باگراوەندێکی سیاسی وسایکۆلۆژی بە هۆی زمانەکەیەوە لە خۆ دەگرن.خەمی یەکەمی بە درێژایی کارەکانی وەستانەوەیە بە رووی گوتاری نێرینەی هەژموونگەردا،لەم بارەیەوە دەڵێ:((بەردەوام ئەو ئافرەتانەی کە دەستدەگرن بە دەسەلاّنی نێرینەوەو پشتی پێدەبەستن بێزارم دەکەن،ئەوانە هەڵسوکەوتیان لە هەڵسوکەوتی ئەو مەڕە دەچێ کە خۆیی بە گورگەوە هەڵدەواسێ.من نامەوێ ئافرەت رۆڵی پیاو ببینێ،نە ببێتە دوژمنیشی،بەلاّم دەمەوێ هەر ئافرەتێك هێزو دەسەلاّتی خۆیی لە ناوەوەی خۆیدا بدۆزێتەوە)).تێکۆشانی یەلینیك بە تەنها ئافرەتانە نییە،بەڵکو سیاسیشە بە تایبەت لە دوایین کتێبیدا(جیهانی بامبی)کە ساڵی 2003 چاپیکردووە،بریتییە لە هێرشێکی توندوتیژ بۆ سەر جەنگی ئەمریکا دژ بە عێراق.بەلاّم ئەوەی رەتکردەوە کە وەلاّمی پرسیارەکان تایبەتەکانم بداتەوە سەبارەت بەم کتێبەی.

یەلینیك بە نووسینی شیعر دەستی پێکرد،دواتر رووی کردە رۆمان ودەقی شانۆیی.بەلاّم هێشتا ئاستەمە سروشتی دەقەکانی دیاریبکرێن،کە لە نێوان شیعرو چیرۆکدایە،بە شێوەیەکی نیوە بەردەوامیش گرتەی شانۆیی دەگرنەخۆ.ناوبانگی ئەو لەگەل رۆمانی(کچانی عاشقدا)1975 دەستی پێکرد.بەدوایدا(دوورخراوان)1980،پاشان(کچەی پیانۆ ژەن)1983،کە باس لە پەیوەندی نێوان خۆیی ودایکی دەکات،بەدوایدا رۆمانە بە ناوبانگەکەی(تامەزرۆیی)1989 کە بە هۆیەوە یەلینیك بە بۆنۆگرافیای هەرزان تومەتبارکرا.ئەم رۆمانە یەلینیکی کردە هاوتای جۆرج باتای،لە رێگای رۆمانەکەشەوە هەوڵیدا هاوکێشەی دەسەلاّت لە نێوان ژن وپیاودا پێچەوانە بکاتەوەو هەستێکی مێینە بە خراپەکاری دابهێنێ.هەرچی رۆمانی(نەوەکانی مەرگ)یشە،کە ساڵی 1995 چاپکرا،باس لە مێژووی دەسەلاّتی نازییەکان دەکات کە تائێستاش وڵاتەکەی لە ژێر باری ئەو رابردووەدا دەناڵێنێ.لەم بارەوە دەڵی:((من نامەوێ سزای کەس بدەم،بەڵکو دەمەوێ توانایی ئەوەم هەبێ بە ئازادی باس لەوە بکەم لە روویدا)).بەهۆی پێشیلکردنی هەندێك تابوی سیاسی ورەگەزییەوە،ناوی یەلینیك دەکەوێتە سەرزارو،کاتێکیش راستڕەوە توندڕەوەکانی نەمسا دەگەنە دەسەلاّت شالاّوێکی توند دژ بە ژنە رۆمانووسە رادەگەیەنن.

لەم ساڵانەی دواییدا بە زۆری رووی کردۆتە شانۆنامەنووسین،کە لە گرنگترین شانۆکاندا نمایشدەکرێن وەك شانۆی(بۆرگ تیاتر)لە ڤێنا،هەندێك لە دیارترین شانۆنامەکانیشی بریتین لە:(کاتێك کە نورا مێردەکەی جێهێشت)و(کلاراس)و(نوخۆشی یان ژنانی سەردەم)و(ئارەزوو مۆڵەتی لێخوڕین)و(لە وڵاتی هەورەکاندا).لە ئەدەبی نەمسادا یەلینیك بە هاوشانی کارل کراوس وتۆماس برنارد وپیتەر هاندکە تێت.ئەمیش وەکو ئەوان بە ناپاك تەمەتبارکراوە.لە بەرئەوی هەندێك راستیش دەخاتەوە بیر کە خەڵکی وڵاتەکەی پێیان باشە لە بیریبکەن،رووبەرووی چەندین هەڕەشەی ترسناك بۆتەوە.

- با بە نوێترین رووداو دەستی پێ بکەین،خەلاّتی نۆبڵ کە بە دەستت هێنا یەکەم خەلاّتە بۆ نەمساو دەیەمین خەلاّتیشە لە وەتەی لە ساڵی 1901 دامەزراوە ژن بە دەستی بێنێ،بەلاّم تۆ کاتێك  ئەو هەواڵەت بیست کە بەخشراوە بە تۆ وێڕای خۆشحاڵیت لە بەرامبەر بە دەستهێنانی، وتبووت ئەمە کارێکی دوژمنانەیە دژ بە من ئەنجام دەدرێ.ئەکرێ ئەو بێزارییەی خۆتمان بۆ شی بکەیتەوە،وەك هەندێك کەس باسی لێوە دەکەن؟

ئەلفریدە:رۆژێك لە رۆژان هەوڵی بە دەستهێنانی نۆبڵم نەداوە،بەلاّم نایشارمەوە کە ئەم خەلاّتە شەرەفێکی گەورەیە بۆمن،بەڵکو لە ئێستادا شەرەفێکی گەورەشە بە سەرمەوە.لە راستیدا مەعقول نییە لە پڕێکدا خۆم بە هاوتای نوسەرە مەزنەکانی  بۆ نموونە وەك بیکیت وهەمنگوای بەرجەستە بکەم.بەلاّم لە لایەکی ترەوە ئەم خەلاّتە لە پڕێکدا

گۆشەگیری ژیانی بڕیم،بۆیە بە شێوەیەك لە شێوەكان كارێكی داكیركارانەو هێرشێكی دوژمنكارانەو جۆرێكیش لە دەستێوەردان یان نەزانانەیە.ئەوەندە بەسە كە بمەوێ ونەمەوێ فڕێی دامە بەر دەستی جەماوەر.من توانای ئەو گرنگی پێدان وریایی و فزولیەتەی لە گەلیدایە نیمە.زۆرجار گەورەترین ئەو شتەی وەك مرۆڤێك ئارەزووی ئەكەم حۆشاردنەوەیە،بۆیە ئەترسم ئەو خەلاَتە بمگۆڕێ بۆ ئەوەی كە هیچ كاتێك حەزم لێی نەكردووە.واتە كەسایەتیەكی بەناوبانگ.وەك هزرو مەعنەویش توانای ئیستیعابكردنی كارێكی هاوشێوەی ئەمەم نییە.من سالأنێكەو بە شێوەیەكی رێكوپێك بە دەستی ترسێكی كۆمەلأیەتییەوە دەنالێنم ،وای كردووە كە گران بێ توانای قەرەباڵغیم هەبێ.بێگومان لە هەمان كاتیشدا ئەزانم زۆر خۆشبەختم لە وەرگرتنی ئەم خەلاَتە.بە تایبەت سەرباری هەموو كۆتەكانی بڕێكی زۆر ئازادیم دەداتێ.ئەو ئازادییەی كە هەرچییەكم بوێ بینوسم،یان بۆنموونە كاتەكانم بۆ خۆم تەرخان بكەم وبۆماوەی سالێكیش هیچ نەنوسم.ئەو خۆشگوزەرانییەش لە جێی بەهەشتێكی راستەقینەیە بۆ هەر نوسەرێك.

ـ بە هەر حالٚ،ئەمە یەكەم خەلاَت نییە كە كردویتی بە ئامانجی خۆی،لە ژیانتدا خەلاَتگەلێكی ئەدەبی زۆرت وەرگرتووە.وێڕای ئەوانە مرۆڤ هیچ شك نابا جگە لە نیگەرانی لە بەرامبەر بۆشایی نێوان ئەم كارە گشتییەونێوان واقیعی رۆژنامەگەری ئەدەبی كە زۆرجار بە رەخنە دژایەتی كارەكانت دەكات....

ئەلفریدە:زۆر راستە،من هەست بەو نەگونجانە گەورەیە یان رەنگە بڵێم پێكەنیناویە ئەكەم،لە نێوان دانپێدانانە ئاشكراو جیهانیەكان بە من كە خۆی لە بەرجەستەكردنی خەلاَتكردن وشێوەكانی تری خەلاَتكردندا دەبینێتەوەو لە نێوان ئەو پێشوازیەی كە لاپەڕە رۆشنبیرییەكانی رۆژنامەو گۆڤارەكان تایبەتی دەكەن بە من،كە زۆرینەشیان بە شێوەی رووكەشی ولە شێوەی بێزاری وقین وبە لۆژێكی رووخاندنی كەسێتیم ونوسینەكانمن.هیچ شیكردنەوەیەكم نییە بۆ ئەم دیاردەیە،رەنگە هۆكارەكەی پەیوەندی هەبێ بە لێژنەكانی هەلٚسەنگاندنەوە كە خەلاَتەكان دەبەخشن،كە زۆرجاریش ئەندامەكانی لە پیاوانی زانستن نەك ئەدەب.چەند حەزم ئەكرد كە رۆژنامەنوسان بە شێوەیەكی جیددی وەرم نەگرن وبە هۆی هەلۆێستە سیاسیەكانمەوە وام لێ بكەن بەردەوام ناشیرین بم.بێگومان مەبەستیشم لەمە ئەوەنییە كە بمەوێ پێمدا هەلدەن.بەڵكو حەز ئەكەم لە روانگەی ئەوانەوە بە شێوەیەكی سەنگین تێمبڕوانرێ.لە راستیشدا فزولیەتێكم تێدایە،ئیتر نازانم  ئاخۆ لە ئێستا بەدوا بە هۆی نۆبڵەكەمەوە ئەمە روو ئەدات.

## خۆم بۆ راگەیاندن دروست ئەكەم

- له لایەكی ترەوە رەنگە لەم(سەردەمە نوێیەتدا)هەست بەو بەرپرسیاریەتیە گەورەیەی سەر شانت بكەی،ئایا ئەو بەرپرسیاریەتیە بێزارت ناكات؟

ئەلفریدە:باشە،ئەبێ رابێم لە سەر ئەوەی كە هەر وشەیەك دەدەركێنم بۆ رۆژی دوایین دەگاتە رۆژنامەكان.هێشتا ئستیعابی ئەو حالەتەم نەكردووە.دەبێ هەموو رستەیەك،بەلكو هەموو وشەیەك بە وردی هەلٚسەنگێنم،ئەم كارەش تا رادەیەك گرانە.چونكە بەردەوام من لەو كەسانە بووم كە لەوانی تر ترساوم زیاتر لەوەی بیانترسێنم.وەك ئێستاش ووتم هەندێ جار ئەوەی كە زۆر بیری لێ ئەكەمەوە ئەوەیە دوور لە جیهان بژیم وسەرو كاریان لە گەلما نەبێ.لێم گەڕێن بۆ خۆم بژیم،بۆ من بەختەوەری تەواو لە چركەكانی گۆشەگیری وهێمنیدایە. بۆیە كاتێك هەواڵی بەدەستهێنانی نۆبلٚم پێگەیشت،پەرچەكرداری یەكەمم ئەوە بوو بە خۆمم ووت ئەلفریدە ئەمە كارێكی مەزنە تۆ بە دەستت هێناوە،بە تایبەت لێژنەكەش جەختیان كردەوە لە سەر ئەوەی كە بە هۆی هەلٚسەنگاندنی كارەكانمەوە بە دەستم هێناوە نەك لە بەر ئەوەی ئافرەتم،وەك هەندێك خەلٚك بلاَویان كردۆتەوە.بەلاَم هەر هەمان چركە بیرم كردەوە(ئەم خەلاَتە گۆڕانكاریەكی زۆر دێنێتە ژیانمەوە،بە هۆی ئەمەشەوە ئەبمە ئەوەی كە رقم لێیەتی(كەسایەتیەكی گشتی).

- بەلاَم تۆ هەر كەسایەتیەكی گشتی بووی تەنانەت پێش بە دەست هێنانی خەلاَتەكەش،تۆ بەردەوام ئامادەگیت هەیە لە رۆژنامەگەریدا....

ئەلفریدە:لێگەڕێ لە ناوهێنانی (ئامادەگی) راسترە بڵێین ئەوە زنجیرەیەك كارەساتی رۆژنامەوانی بوو كە بە درێژایی ساڵانێك ئازارم پێ چەشت.ئێستاش ئەمەوێ بە هەر نرخێك بێ وبە باشترین رێگا چارە دوور كەومەوە لێی.وەك پێم وتی هەندێ جار لە خۆم ئەپرسم چۆن خەڵاتێكی هێندە بە نرخم بە دەست هێنا،لە كاتێكدا كە هەندێك پێداچونەوەی رەخنەیی بە كارەكانمدا زۆر ترسناكە لە سەلبی بوونیدا جگە لەوەی بەردەوام توانجی لووتبەرزیم لێدەگرن. هیچ هۆیەكیشی نییە تەنیا ئەوە نەبێ كە گۆشە گیرم،ئەوەش شیكردنەوە گەلێكی سەخیف وورووكەشیانەیە بۆ هەڵسوكەوتەكانم.پاڵنەرێكی تریش هەیە لە پشت دەرنەكەوتنە ئاشكراكانمەوە ئەویش كاتێك كە دەقەكانم دەنوسم هەستێكی زۆر ناسك دامدەپۆشێ،بەڕادەیەك ئەگەر بە دەنگێكی بەرز بۆ خۆمی بخوێنمەوە هەست ئەكەم رووت ئەبمەوە.منیش نامەوێ بكەومە بازنەیەكی رووتبونەوەو دزەكردنێكی لادەرو بەتاڵەوە.

- لەوە تێدەگەم، تۆ زۆر جار بە تەمومژو پارێزەر ناوزەد دەكرێی ودەوترێ تۆ لووتبەرزی بە گەرم وگوڕی خۆت،بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێی وەك نوسەرێك دەبێ بەردەوام پشت بە راگەیاندن ببەستی،مەبەستم(گواستنەوەی كارەكانتە لە رێگای هۆكانی راگەیاندنەوە)...

ئەلفریدە:راستە،جەماوەرو راگەیاندن مافیان بە سەر دەقەكانمەوە هەیە،واتە مافی خوێندنەوەورەخنە لێگرتنیان هەیە،بەڵام هیچ كەسێك مافی بەسەر كەسایەتی نوسەرەوە نییە،نوسین كارێكی یەكگرتنەوەیە،لە رێگایەوە بە تەنیا لە گەل ئامرازەكانی نوسیندا دادەنیشین،مافی خۆشمە كە خۆ دەرخستنم بۆ جەماوەر رەتبكەمەوە.ئەگەر بمویستایە ببمە كەسایەتیەكی گشتی،ئەو كات لە بواری سیاسەت یاخود نواندندا كارم دەكرد.من حەزناكەم ببمە ئەستێرەی ناودار،هەر یەك لە ئێمە ئارەزوو شێوازو بونیادی تایبەتی خۆی هەیە،مەبەستیشم ئەوە نییە كە ئەمەوێ خۆم لە كۆمەڵ دابڕم،بەڵكو ئەمەوێ لە دەرەوە چاودێریان بكەم،ئەمەش پێگەیەكی راستە بۆ من.بەڵكو تەنانەت تاكە جێگای گونجاویشە.ئەگەر ئێمە لە نێو كۆمەڵدا بین وتا بن گوێمان تێیدا رۆبچین،ناتوانین وەك پێویست چاودێری بكەین وهەڵی سەنگێنین،لە بارەی خۆیشمەوە،هەست بە سڕینەوەو دووركەوتنەوە دەكەم،بۆ ئەوەی لە مەودایەكی وردو دڵنیاوە هەموو شتێك ببینم. كەس بە تەواوەتی نازانێ من خەریكی چیم،ئەو شتانە بە شێوازێكی زۆر چاك ئەشارمەوە.تێكەڵەیەك لە نێوان خەیاڵ وواقیعدا،رۆمان ومێژوودا،سەرگوزشتەی هونەری وسەرگوزشتەی كەسێتیدا دەكەم،تا سنوری نێوان حەقیقەت وساختە،راست وهەڵە،بسڕێتەوە.سەرم سوڕدەمێنێ لە بەرائەتی یەكەم جارم لە مامەڵەكردن لە گەل ئەم پرسەدا.لە پێشدا بەردەوام دەكەوتمە تەڵەی راگەیاندنەوە،بەڵام دواجار راهاتم لە گەل قۆناغێكدا كە خودی خۆمم دروستكرد بۆ راگەیاندن،ئەگەر چی هێشتا سەركەوتوش نەبوومە لە كردنی ئەوانی تر بە پاڵەوانی تایبەتی خۆشاردنەوەم.

- رەنگە كاری رێكخستنی ئەم خۆشاردنەوە ساناتر بێ بۆ پیاو وەك لە ژن؟

چارەیەكی تر نییە جگە لەم ئەگەرە.گومانی تێدا نییە كە بەردەوامی چاوخستنە سەر ژنان زۆرترە وەك لە سەر پیاوان.كاری(دنیا بینیش) بە هەموو ئەو دەستدرێژیە سادیانەشەوە كە دیگرێتە خۆ مافێكی رەهایە بۆ پیاوان.لە بنەڕەتدا من وای دەبینم ئەو داوایەی كە جەماوەر لە ژنی دەكات جیاوازە لەوەی كە لە پیاوی دەكات.ژن ئەوەیە كە بۆی(دەڕوانرێ)،ئەگەر ویستی لە دیمەنەكەش بكشێتەوە،پێویستی بەوەیە ئاكاری سێكسی لێ دامالڕێ وئامادەگی(پەلكە زێڕینە)ییەكی سانا لە بەهەڵم بووندا بە دەست بێنێ.بە گشتی ژن هەر بەمەش هەڵدەستێ كاتێك دەچێتە بواری بەرهەمهێنانی ئەدەبی یان هونەرییەوە،بۆ ئەوەی بە چاوی جیددیەوە بۆ بڕوانن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە،پیاوان ئامادەگی ونیگەرانی سێكسیان زیاد دەكات لە بەرهەمە ئەدەبیەكانیاندا.

نوسین هەڵچونێكی شەهوەتدارە

- هەست ئەکەم ئەمە سەد دەر سەد راست نییە،هەروەها ئافرەتیش کاتێك لە دایك ئەبن بە کردەیی پڕن لە غەریزەی ئیرۆتیکی- تۆ خودی خۆیشت وتت- ئەو دەستەواژەیەش زۆر بە باش ئەزانم چونکە منیش بە هەمان شێواز کاردەکەم — لای تۆ نوسین وەلاَمدانەوەیە بۆ جۆرێك لە هەژموونی غەریزەی فیزیکی.ئەی لە بارەی ئەوەوە چی ئەڵێی؟

ئەلفریدە:ئەتوانم بڵێم بە کارلێکردن لە گەل غەریزەو کێشکاریە ناوشیارو سروشتیەکان(من تاوانبارم)لە سەر ئەم ئاستە.لای من ترپەی هاندەر بۆ نوسین وەك ترپەی هاندەرە بۆ سێکس کردن، دەرئەنجام ئەویش ملکەچی لیبیدۆ یان وزەی تامەزرۆییە.کاتێك کە دەنوسم خۆم لە حاڵەتی حەزو سوتانێکدا دەبینمەوە دەتوانم تا ئەوپەڕی رادە بە چرکەکانی راڕایی وچێژی پێش جوتبوونی بچوێنم.نوسین هەڵچونێکی شەهوەتداری ئەوێ،چونکە هۆی هەناسەدانی مێشکە کە دەهاوێژری نەوەك بتەقێتەوە،کتومت چۆن لە چرکەی لوتکەی هەستیاریدا دروست دەبێت.بەلاَم بە گشتی پیاو ئەم پاڵنەرە ئیرۆتیکییە دەخاتە بەرهەمە داهێنراوەکانییەوە،ئافرەتیش بابەتی ئەو کارەیە نەك بە پێچەوانەوە.

- کەواتە ئەی لە بارەی کتێبی(تامەزرۆیی)یەوە چی ئەڵێی،کە ویستت بە نوسینی ئەو کتێبە بۆرنوگرافیایەکی مێینەیی دروست بکەی،جگە لە ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشەی(شەهوەتی شێوازەیی)وبەر پەرچدانەوەی ماسۆشیەتی ئافرەتی سێکسباز کە لە دەرەنجامی هەژموونی نێرینەوە دێتە بوون؟

ئەلفریدە:لە راستیدا من مەبەستم ئەوە بوو.تا رادەیەکی زۆر پابەندم بە بۆرنوگرافیاوە،مەبەستم بۆرنوگرافیای ئەدەبیە نەك بازرگانی،بەداخەوە کە شێوازی وەرگرتنی(تامەزرۆیی)بە ئاراستەیەکی هەڵەدا رۆشت.ئەو رۆژە رۆژنامەکان نوسیبویان:بۆرنوگرافیایەکی فاشیل بە پێنوسی ئافرەت.هەمان شت لە گەل(کچەی پیانو ژەن)یشدا رووی دا.من دەمویست رەگەزی تەماشا بۆکراو بگۆڕێ بۆ بکەرێکی تەماشاکەر،بۆیە(تامەزرۆیی)بە گوێرەی رەخنەیەکی تیژە لە کۆمەڵگاو نموونەیەکیشە ئالیەتەکانی کۆیلەیەتی نوێ ریسوا دەکات.

- بەلاَم تۆ دانتپێدا نا کە فاشیل بوی لە دروستکردنی(هەستێکی مێینەیی بەرامبەر بە خراپەکاری).

ئەلفریدە:بەڵێ،سەرنەکەوتم لە هەوڵەکەمدا.دەمویست وەك بۆرنوگرافیایەك بنوسم،دواتر بۆم دەرکەوت ئەوە کارێکی مەحاڵە سەبارەت بە من.مەبەستیشم بە دیاریکراوی سەبارەت بە(من) وەك ئافرەتێك.پیاو خۆی بۆرنوگرافیا دروست دەکات،هەرچی ئافرەتیشە بە زۆری ئامانجێکی بێدەنگە بۆ روانینە نێرینەییەکان،هاوکێشەیەکی مێینەیی بۆ(چیرۆکی چاو)ی جۆرج باتای،ئەم کتێبە نانوسرێتەوە تەنیا بە پێنوسی پیاو نەبێ،ئەگەر نا ئەوا پێچەوانەی دەرهاوێژتە مێژوویی وکۆمەلاَیەتیەکانە.بە سادەیی تێڕوانینێکی زۆرتر بێهودەم لە سەر ژن وەرگرت،زۆرجاریش هەست ئەکەم کە پیاوان هەوڵدەدەن ئەفسانەی ئافرەت وەك دایانهێناوە رزگاریشی بکەن،من بەشداری ناکەم لەوەدا.تەنانەت ژنەکەی(باتا)ییش بە ئافرەت نازانم.ئافرەت خاوەنی خودی خۆی نییە تا ماندووی بکات یان بە فیڕۆی بدات،لە بەر ئەوە بەڕای من ئەم وێنەیە رەنگدانەوەی نێرینەیی پەتییە.ئەوە مەسەلەی پێکهاتەکانی کۆمەلاَیەتی ودەسەلاَتە.بۆچی ناوگەلێکی ژنانەی دەرکەوتو نییە لە ئەدەبی بۆرنوگرافی نوێدا،شایانی ناوهێنان بن؟ (چیرۆکی ئوو)ی بۆلین ریاج،یان(ئان دیکلۆ)کە ئەوەش ناوی راستەقینەیەتی،یان(دۆمینیك ئوری) کە بەناوبانگترین ناوە خوازراوەکانێتی.رەنگدانەوەی دیدی نیرینەیە لە بارەی بەرجەستەکردنی شەهوەتداری ئافرەتەوە.تەنانەت(ئانایس نین)یش، وێڕای هەموو ئەو گێڕانەوانەی لە بارەی بوێری وتوانایەوە فەشەلێکی زۆر گەورەی هێنا لەو جۆرە هەوڵەیدا.من بۆ خۆم پێم وایە کە یادەوەریەکانی منالیی جوانترین نوسراوەکانێتی.ئەدەبی بۆرنوگرافی داهێنراوو نوسراوی خەیاڵدانی نێرینەیەو ئەوەش حەزێکی ئەستەمی ئافرەتە.

## ئافرەت ئارەزوومەندو نەویستراویشە

- لە قسەکانتدا هەست بە کینەیەك دەکەم بەرامبەر بە پیاو.ئایا رقت لە پیاوە؟

ئەلفریدە: نەخێر،تا ئەو رادەیە ناڕۆم وا بڵێم.بەلاَم ئەڵێم من رقم لەو دەسەلاَتەیە کە پیاو نوێنەرایەتی ئەکات.منیش وەك گشت ئافرەتان قوربانیم،رەنگە نەبمە قوربانی دەستی پیاوێك کە لێمدا یان دەستدرێژی بکاتە سەرم،بەلاَم قوربانی کلتوری باوك سالاریم،کە هیچی کەمتر نییە لە توندوتیژی تاکی دەستدرێژکار، چونکە کلتور بە فێڵ وبە ئاسانی دەستی

خۆی دەوەشێنێ.واقیعمان هەروا دەمێنێتەوە تا تەرازووی هێز لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا بەم شێوەیە بێ.منیش وەکو هەمووان بەرکەوتەی ئەم کلتورەم،کە چاوەڕوانیی دەسکەوتی هونەری یان ئەدەبی مەزن لە ئافرەت ناکات.

ـ ئەی چۆن هەوڵدەدەی بۆ تێکشکانی ئەو گریمانانە یان لەرزاندنی ئەم دەوامە جیاکارییە؟ئایا بە هۆی ئەم هۆکارەوە سوور دەبی لە سەر وێنەی نوسەری ریسواکاری و،دەست دەبەی بۆ هەندێك پرس کە دەچنە چوارچێوەی تابووەوە.تەنانەت لە وڵاتێکی پێشکەوتوشدا وەك وڵاتەکەی خۆت؟

ئەلفریدە:بەردەوام بە هۆی نوسینەکانمەوە رووبەرووی کێشە دەبمەوە لە گەل خوێنەرانی توێژە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگادا،زۆرجاریش هۆکەی نازانم، چونکە سنورێك نابەزێنم پێش من کەس نەیبەزاندبێ، پێم وایە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باسکردنی پەیوەندی نێوان ژن وپیاو،تەنانەت لە چوارچێوەی سێکسیشدا بە پێی نموونەی هێگڵی بۆ پەیوەندی نێوان گەورەو خزمەتکار،دەبێ ئەگەر بە شێوەیەکی تریش بێ هەندێك سنوری حەرامکراو لە جۆرێکی تر ببەزێنێ،کە ترسناکترو خراپترن.شێوازم لە باسکردنی سێکسدا وەك شێوازێکە ملکەچی یاساکانی دەسەڵات وهاوکێشەکانی بێ،وێڕای ئەوەی پەیوەندییەکی زیاتر گەرم وگوڕترە،وا دیارە زۆر لە ڤین وناتێگەیشتن دەوروژێنێ.بەڵام دڵنیام لەوەی کە تا ئافرەت نەبێتە بکەر بۆ خودی خۆیی وزیندوکردنەوەشی،تا نەبێتە ئارەزوومەند،بەڵکو تەنیا ئارەزووپێکراوە لە لایەنەکەی ترەوە،تا رەواج پێدەری دیاردەی رووتی وئیغرای رووکەشی وبونیادنانی جەستەیەکی ئافرەتانە بێ وپشت بەستنی ئەم مێینەیە بە جەستەی خۆی،پەیوەندی نێوان ژنان وپیاوان ناگۆڕێ وتا دێ ئەم پەیوەندییە نیشانەی شکستێکی ئیستاتیکی ئەبێ.

ـ ئەی لە بارەی خۆشەویستیەوە چی ئەڵێی.ئایا خۆشەویستی بەشێك لەم شکستە ئیستاتیکیە پێکدەهێنێ کە باست لێوە کرد؟ئایا دانیپێدادەنێی کە لەم ئاستەدا قەیرانێکی راستەقینە هەیە،لە کاتێکدا کە باسکردن لە سەرکوتکردنی ژن لە لایەن پیاوەوە،وێڕای هەموو شتێ وەك(کایتی رویف)ژنە نوسەری ئەمریکی ئەڵێ:ئارەزووی ئەم ژنە لە گەل ئەم پیاوەدا بەر یەك دەکەون؟

ئەلفریدە:گومانی تێدا نییە کە قەیرانێك هەیە،بەڵکو بۆشاییەکی ترسناکیشە لە ناودڵایەتی.من باوەڕم بەوە هەیە لە واقیعدا ئەگەر ئافرەت بە شێوەیەکی رەها بەشی هەبێ لە خۆشەویستیدا،ئەوە لە خۆشەویستی منداڵەکانیدا بەرجەستە دەبێت،بەڵێ باوەڕم بەوە هەیە،ئەگەرچی من منداڵیشم نەبووە.بە داخەوە ناتوانم لە بارەی خۆشەویستیەوە هیچ ئەگەرێکی ئیجابی لە چوارچێوەی(ئەلدونییەدا)بخەمە روو کە هێشتا ئافرەت تێیدا هەڵواسراوە.هیچ شتێکیش ئەم(ئەلدونییە) ناسەلمێنێ.جگە لەو ژمارە زۆرەی کتێب کە ئافرەت فێر دەکات هەموو شتێك لە بارەی پیاوەوە بزانێ،پیاوان کتێبی لەم شێوەیە ناکڕن.

گەورە پێویستی بەوە نییە هیچ شتێك لە بارەی خودی خۆیەوە بزانێ ،ئەوە ئەرکێکە بە کارەکەرەکانی دەسپێردرێ،ئەوە حەزێکی ئافرەتانەیە بۆ بڕینی پیاوو زیاتر ئاماژەشە بۆ کاری توندوتیژی نێرینەیی پیاو.

ـ بەڵام تۆ ئێستا وتت چارەسەر لەوەدایە کە ئافرەت ئارەزوومەند بێ لە بری ئەوەی کە تەنیا ئارەزوو پێکراو بێ،لە کاتێکدا کە نموونەگەلێك دەریانخستووە،نموونەی ئافرەتی ئارەزوومەندو دەستپێشخەر پیاوان دەترسێنێ....

ئەلفریدە:بە بڕوای من ترس نییە لە ئارەزووی ئافرەتەکە بە قەدەر ئەوەی کە ترسانە لەو ئافرەتەی کە داوای زیاتر بکات لەوەی کە سیستەمی باوکسالاری دەیداتێ پیاو پێویستی بەوەیە کە خۆی هێرشبەرو دەستپێشخەر بێ وپەیوەندیەکانیش هەڵوەشێنێتەوە.نەخێر بەڵکو پیاو بێ توانایە لە گەشە کردن لە چوارچێوەی سیستەمێکی بێ لایەن وئاشتیخواز.

تێکۆشانی ئافرەتان پاساودارە

**- ئافرەت پەروەردەکراوی ئاشتی نییە،ئەوەش سەلمێندراوە:ئەوەندە بەسە بڕوانینە هەندێك لە کۆمەڵگا دایکسالاریە کۆنەکان.... پێ ئەچێت ئێمە لە بازنەیەکی بە تاڵ لە سکالادا بخولێینەوە. بۆچونی خۆتم بەرێ لە بارەی شێوەی راستکردنەوەی پشکی ئەم پەیوەندیە.**

ئەلفریدە:تاکە بۆچونم لە بارەی لێتوێژینەوە لە سەر(ئیجابییەتی ئارەزوو بونیاد نراوە).نەك ئەو ئارەزووەی کە سیستەمی سەرمایەداری بونیادی دەنێ وبەکاری دەبا،یان راستتر ئیستیغلالی دەکات.مەبەستم لە رەهەندە بە کاربردەیی ودەستکەوتەییەکانە.مارکیز دووساد ئیشی لە سەر ئەمە کردوەو بۆچونێکی کۆمەڵایەتیانەی بوو.گرنگ لە لای ساد لە پشت دیمەنە سێکسیە توندەکانەوە،وێناکردنی تابلۆیەکی ئەخلاقی بوو لە بارەی کۆمەڵگاکەیەوە.بۆیە سادیش وەك من نوسەرێکی ئەخلاقی شاراوە بوو.هەروەها ژنگەراییش گرنگەو بنەڕەتیە لە سەر ئاستی راستکردنەوەی پڕکردنەوەی ژمارە.

**- بەڵام زۆرجار لەم رۆژگارەماندا ئەوە دووبارە دەکرێتەوە کە بەم نزیکانە ژنگەرایی دەبێتە رابردوو.رەنگە ئەمەش باش بێ:پێتوانیە کە لە پشتی ئەم هەوڵەوە بۆ(یەکسانی)تامەزرۆییەك هەیە بۆ سەرکوتکردنی یەکتر کە کەمتر نییە لە غەدرو نابووتی سەرکوتکاری نێرینە؟**

ئەلفریدە:لە راستیدا مرۆڤ ناتوانێ بڵێ لە رێگای چاکسازیەکانی رەوتی ژنگەراییەوە هەموو شتێك باشتر بووە،بۆ نموونە هەندێك شێوازی جیاکاری بەرهەمهاتوو لە ژنگەراییەوە پەستم ئەکات.بۆ کتێبەکانم دادەنرێ بە تەنیشت کتێبەکانی ژنانی ترەوە کە پەیوەندیان بە کێشەکانی ئافرەتەوە نییە،وەك کۆمەڵێك چۆلەکە بن بۆ سەرنج راکێشان؟ ئەم شێوازەی پۆلێنکردن بێ مانایە.بەڵام ژنگەرایی تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی ئافرەت چالاك بێ،گۆڕانیش بۆ چالاك بوون مانای سڕینەوەی ئەوی تر نییە،بەڵکو واتە ئافرەت ببێتە قەوارەیەکی تەواو ئازادو سەربەخۆ.بۆ ئەمەش ریسواییە کە ئافرەت پشت بە پیاو ببەستێ.

**- ئەی لە بارەی ئەو واقیعەوە چی ئەڵێی کە لە ئەوروپادا 57 خاتونی وەزیر هەیە بەرامبەر بە 515 وەزیری پیاو،بە رێژەی تەنیا2٪ لە کارگێڕە ئاست بەرزەکان ئافرەتن وتەنیا یەك ئافرەتیش لە ئەکادیمیای زمانی ئیسپانی وتەنیا سێ ئافرەتیش لە ئەکادیمیای فەرەنسیدا هەیە؟ئایا ئەکرێ ئەم نەگونجانە گەورەیە بگەڕێنینەوە تەنیا بۆ سەرکوتکاری نێرینە،لە وڵاتگەلێکدا کە ناسراون بە هەوڵدانیان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان؟**

ئەلفریدە:رێگاکانی شیکردنەوەی ئەمە نازانم،رەنگە بگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنەدانی ئافرەت بەو بوارانەی کە باستکردن،بەڵام بە دڵنیاییەوە سەرکوتکاریش رۆڵی خۆی هەیە، لە پێشکەوتوترین وڵاتیشدا لە سەر ئاستی مافەکان.هاوسەنگی مێژوویی نییە لە تەرازوی دەسەڵاتدا.تا ئەم تەرازوی دەسەڵاتەش لە رەگەوە نەگۆڕێ،هێشتا جێگاو بیانو دەمێنن بۆ تێکۆشانی ژنان.لە لایەکی ترەوە ئەم تێکۆشانە تا ئێستا سەلماندویەتی کە باشترین دەستێوەردانە لە ناوەوەی هەرەمەکە،کە هەمووومان بەشێکی پێکدەهێنین.

**- دووپاتی دەکەمەوە،دەبێ بەشداریکردن لە پرۆسەی گۆڕاندا ئاستی خستنە رووی کێشە تێپەڕێنێ پێتوایە نوسینەکانت ئەتوانێ بەشداری بکات لەم گۆڕانەدا؟**

ئەلفریدە:بە داخەوە،چاوەڕوانی زۆر ناکەم لە ئەدەب.ئەدەب کەم توانایە لە ئاست گۆڕانی جیهان یان کۆمەڵگا،بەو مانایەی کە بۆ نموونە مارکس لە مانیڤێستی کۆمۆنیستیدا مەبەستێتی.گەورەترین شت کە ئەدەب دەتوانێ بیکات سواڵکردنی وشیاری وبلاّوکردنەوەیەتی.ئەمەش ئەوەیە کە هەوڵدەدەم لە رێگای گاڵتەجاڕییەوە پێیبگەم.ئەوە ئامرازو شێوازی منە بۆ باسکردنی جیاوازی،بۆ بەرتەسك کردنەوەی هێماو واقیعی کۆمەڵایەتی.بۆ ئەوەی لە گاڵتە جارییەش بگەین دەبێ لە جیاوازیدا بژین.تەواو وەك ئەوەی کە دەبێ هەست بە دابڕان بکەین لە گەل جیهاندا بۆ ئەوەی بتوانین ئەم دابڕانە لە زمانی نوسەرێکدا دەستنیشان بکەین.بەڵام زۆرجارلە گاڵتەجاری من تێناگەن،بە تایبەت لە ئەڵمانیا،هەرچییەك ئەڵێم وەکو خۆی وەردەگیرێ،نەك وەك هێرشێك بۆ سەر کلێشە کۆمەڵایەتیە باوەکان.

## گومانکردن لە زماندا

- ئەكرێ قۆناغەكانی دروستبوونی ئەم هێرشەم بۆ شی بكەیتەوە؟

ئەلفریدە:هەوڵدەدەم لە رێگەی زمانەوە دەمامك لە سەر ئەم كلێشانە فڕێ دەم.ئەگەر زمان بە رادەی پێویست وەك توندوتیژی بە كار بهێنین.دەبێ خیانەت لە ئایدۆلۆژیاو سروشتی درۆزن ووشیاریە ساختەكەی خۆی بكات.زمانی ئەڵمانیش بە دیاریكراوی تا رادەیەكی زۆر كارلێكدەكات لە گەل خراپ مامەڵەكردنی زمانەوانیدا،بەلآم زمانی فەرەنسی كەمتر سەپێنراوە،چونكە زۆر تەقلیدییە ولە سەر شێوەیەكی توندوتۆڵیش بونیادنراوە،بۆیە ئەبینی هەر گەمەكردنێك بە وشە پێكهاتەكانی لەرزۆكەو(فەرەنسی نییە).رەخنە گرتن لە كلێشەكان بە یارمەتی هەموو زمانەكان ئاسان نییە،بەڵكو هەندێك زمان بە سەرماندا دەیسەپێنێ كە ئامرازی تر بدۆزینەوە.ئەمەش بە دیاریكراوی هۆكاری قورسی وەرگێڕانی كارەكانی منە بۆ سەر زمانەكانی تر.ئەوە بە شێوەیەكی سەرەكیش ئەم لەمپەرانە لە ترادسیۆنی بۆماوەیی ئەو زمانەوە هاتۆتە بوون كە بۆی دەگوازرێتەوە.بۆ نموونە لە(تامەزرۆی)یدا هەندێك جوانی باس وگەمەكردن بە دەربڕین و(داهێنانی) زۆر ئاڵۆزی تێدایە.

- دەبێ لای وەرگێڕەكەت هەستی داهێنانی دەربڕینی نوێ هەبێ؟

ئەلفریدە:بەڵێ،ئەمە جگە لەوەی بەشێوەیەكی رەها دەبێ سوور بێ لە سەر دەقەكە.ئەگەرنا ئەوە مەحاڵە كە بێزار دەبێ.ئێستاش باسی وەرگێڕانی كتێبەكانی خۆمم كرد بۆ سەر زمانی فەرەنسی،چونكە خۆم بە زمانی فەرەنسی قسە دەكەم،ئەو ماندوو بونەش ئەزانم كە وەرگێڕەكەم پێوە چەشتویەتی.

- بەلآم ئەزموونكردن لە زمانی فەرەنسیدا نامۆ نییە.بۆ نموونە بەسە ئەوەندەی كە(ئۆلیبۆ) وئەزموونەكەی بخەینە روو.

ئەلفریدە:بەڵێ،بەلآم هەر ئەزموونێك لە گەل زمانی فەرەنسیدا بوەستێت بە دابڕان وەردەگیرێ.بەم شێوە رەخنەگران وخوێنەران وەریدەگرن، تەنانەت ئەوانەشیان كە زۆرتر كراوەن.خودی دوریدا گۆرانی بە بالآی زمانی فەرەنسیدا و نەریتە جوانەكانیدا دەوت وبەڵێنی دابوو ئەوەی كە لە توانایدا هەیە بیكات بۆ(پاراستن وپارێزگاری لێكردنی). لە كاتێكدا كە هەڵوێستی گومانكردن لە زمانی تەقلیدی لە نەمسا زۆر بەربلآوو ئاشنایە،ئەوەش ولآتێكە مێژوویەكی هەیە لە رەخنەیی زمانەوانیدا،لەم بارەشەوە ئاماژە بە(ویتگنستاین وكارل كراوس) و(كۆمەڵەی ڤێەنا)ی شیعری دەكەم لە پەنجاكاندا.پێیشم وایە گومانی نەمسایی لە بەرامبەر زمانی تەقلیدیدا لە ئەزموونی فاشیەتەوە هاتۆتە بوون،كە بەردەوام ئەم زمانەی ئیستیغلال وزەوت كردووە.

- تۆ وەكو خۆت تێكیدەشكێنی؟

ئەلفریدە:بەڵێ تێكیدەشكێنم.من سەرقاڵم بە زمانەوە،زۆرجاریش ئەم زمانە لە نوسینەكانمدا دەبێتە فاكتەری نارەزایی،بەڕادەیەك بابەتی كتێبێك دەسرێتەوەو كتێبێكی تر جێگای دەگرێتەوە،بەلآم لە هەمانكاتدا حەز ئەكەم لە مەودایەكەوە مامەڵە لە گەل زماندا بكە، سەرباری ئەو دژە یەكەی كە لەم گوتارەدا هەیە.ئەوە بە لای منەوە كارێكی سروشتییە.چونكە من لە گەل زمانی ئەڵمانیدا راهاتوم.لە كاتێكدا كە نەمساییم ونیوەیەكم یەهودی ونیوەكەی تریشم سلاڤییە.هەرچەندە بیرمەندە گەورەكانی ئەڵمانیا(شتێكن)ناتوانم بگەمە ئاستی ئەوان.بەلآم رامدەكێشن بە لای خۆیاندا.بەردەوامیش لە منالیمەوە ئیشم لە سەر زمانی ئەڵمانی كردووە.وەك چۆن زمانی ئەڵمانی حەز دەكات لە سەرەوە چاودێری كەسی نامۆ بكات.منیش بۆ خۆم حەزم دەكرد وەك نامۆیەك بەلای زمانی ئەڵمانیدا بشكێمەوە.هەستیشدەكەم زۆرترین بەرجەستەكردنی ئەو زمانەم لە شانۆنامەكانمدایە.

### دەقەكانم شارگەلێكی كراوەن

- له قسەکردن له بارەی شانۆوە،تۆ داکۆکی له روئیایەك دەکەی بۆ شانۆ له سەر رەتکردنـەوە چـڕبێتەوە:رقت لـه شـانۆی گوزارشتکارو شانۆی راستەقینەیەو جەستە له وێنەو زمان جیادەکەیتەوە.بەلاَم وێڕای ئەوەی کە شانۆنوسێکی زۆر بایەخ پێدەری،بە دەگمەن شانۆکانت لە سەر تەختەی شانۆ نمایشدەکرێن.

ئەلفریـدە:لـه نمایـشکردنی شـانۆنامەکانمدا قورسـییەك هەیـە،وەکو کەسـایەتییەك وای دەبیـنـم کـە شـانۆ لـە رۆمـان کاراترە.دووبارەکردنەوەی بۆچوونی بەردەوام لە سەر زمان دەکەم وبەردەوامیش چاو دەخشێنمەوە بە شانۆدا.ئەمەش لە سەر تێکڕای ئاستەکان،رۆژێك له رۆژان بیرم کردەوە،ئەگەر من بەردەوام بووم له سەر نوسـینی شـانۆ،ئەوا مـن شـانۆیەکم ئـەویَ لـە جـۆرێکی تـر.ویـستم مەودایـەك لـە ئـازادی بـە بینـەر ببەخـشم.بـە ئامـانجی بێدارکردنـەوەی توانـستەکانی بـۆ گرێدانی شتەکان بە یەکەوە.لە سـەر بینـەر نییـە لـە سـەر شـانۆ ئـەوەی دەیبیـستیَ ببینێتـەوە. نـەگونجانیش لـە نێـوان جووڵەو وێنەو زماندا دەرفەت بە توانای گۆڕینی رۆڵەکان وروانینەکان دەدات،دابەشکردنی گفتوگۆکان بە سەر دووکەسدا کە یەکەم دەپرسیَ ودووەم وەلاَم دەداتەوە،جوانییەکی کۆن وتەقلیدییە ئەبیَ لـە شـانۆدا تێپـەڕێنریَ.ئـەم(مـن)ەی کـە بـە ئازادی دێت وئەچیَ،ئەوەیە کە شانۆ لە سینەما جیا ئەکاتەوە.

- که تۆ باست لە سینەما کرد،رات چییە لە بارەی(کچەی پیانو ژەنەوە) بە فیلم کراوی؟

ئەلفریـدە:دەرهێنانەکـەی زۆر باشـە.فزولیـەتێکی هەمیـشەییم هەیـە بـۆ دۆزینـەوەی چـۆنێتی یـەکتر بڕینـی خـەیاڵدانی هونەرمەنـدێکی تـر گـەل خـەیاڵدانمـدا.ئـەوە ئاڵۆزکـانێکی دەوڵەمەنـدو جـیَ بایەخـە.لـە بنەڕەتیـشدا ئـەوە یەکێکـە لـەو هۆیانەی کە پاڵمپێوە دەنیَ بۆ نوسینەوەی دەقی شانۆیی.شانۆنامەکانی من دەفگەلێکی کراوەن،نەخێر بـەڵکو شـارگەلێکی کراوەن وئەوی تر دەتوانیَ داگیری بکات وبیگۆڕیَ بۆ شتێکی تەواو جیاوازتر.ئەم شتە جیـاوازەش بـەردەوام جـیَ بایـەخم بووە.تەنانەت ئەگەر سەرکەوتوش نەبیَ.ئەوەش یەکێکە لە واتاکانی نوسین بە نیسبەت منەوە.

- ئەی ماناکانی تری؟

ئەلفریـدە:بـاوەڕم پـیَ دەکـەی ئەگـەر بڵـێم بیرۆکـەی دەسـتپێکردنم بـە نوسـین بـەیانی زوو لـە سـەر جێگاکـەم هەڵمـدە سێنیَ؟لە راستیشدا من حەز ئەکەم بەیانیان زوو کاری نوسین بکەم.پـێش ئـەوەی هـەر شـتێکی تـر بکـەم،و راسـتەوخۆش دوای ئەوەی کە مێشکم شانە ئەکەم،دەست ئەکەم بە نوسین.

نوسین بە نیسبەت منەوە گەمەی ئاڵوگۆڕکردنی بەردەوامە بە یارمەتی زمان لە نێوان من وئەوی تردا.

- ئایا راستە تۆ ئەم(من)ە،لە کتێبێکەوە بۆ ئەوی تر دووبارەی ئەکەیتەوە؟

ئەلفریدە:لە(کچە پیانۆ ژەندا) بێگومان(من)م ئاشکرایە.هەروەها بێگومـان لـە کتێبـەکانی تریـشدا (مـن) ئامـادەگی هەیـە بەلاَم بە شێوازێکی هێمادار.کەس ناتوانیَ بمدۆزێتەوە،کەچی لە هەمویشیدا ئامادەم،تەنانەت لە(نەوەکانی مردن)یشدا.

- بەڕای تۆ(نەوەکانی مردن)گرنگترین کتێبتە:ئەم دڵنیابوونەت لە کوێوە سەرچاوەی گرتـووە.لـە کاتێکدا کـە نوسـەر بـە دەگمەن خاوەن دڵنیابوونێکی بابەتی تەواوە لە ئاوها کارێکدا؟

ئەلفریـدە:زۆر بـە سـادەیی وای دەبیـنـم کـە مـن لـە(نـەوەکانی مـردن)دا ئـەو کتێبـەم نوسـیوە کـە حـەزم لـە نوسـینی کردووە.ئەوەی کە توانام بـە سـەریدا هـەبیَ لـە ئەدەبـدا لـەم کارەدا چڵەپۆپەی دەبینـریَ.ئـەمتوانی دوای ئـەو کتێبـەش وازبێنم لە نوسین.من(کتێبی کتێبەکانم)نوسی کە تایبەتە بە خۆمەوە.ئەوەش هەستێکی دڵنیاکەرەوەو شادی بەخشە.

- ئایا لە لایەکی ترەوە ئەم دڵنیابوونە پەکت ناخات لە نوسین؟ئەو سوتەمەنیە لـە کوێیـە کـە خـۆی لـە تەحـەدداکردنی تێپەڕاندنی خوددا ئەبینێتەوە؟

ئەلفریدە: نەخێر پەکم ناخات،چونکە بە پاڵنەرێکی بەهێزەوە بەردەوام ئەبم لە نوسـین ئـەویش ئـەو چـێژە تایبەتەیـە کە لێوە وەردەگرم.هەموو ئەوانەی کە پێش وپاش(نـەوەکانی مـردن)نوسـیومن،بە بـەراورد لـە گـەل ئەمـدا بریتیبـون لـە راهێنان.ئـەوەی کـە ویـستم بیڵـێم تێیـدا وتومـە.بـە تایبـەت نـابوتی ونامـەعقولی نەمـسایی بەرامبـەر بـە مێـژوو.مردنـی ئەندامانی خێزانەکەم پاڵیان پێوەنام ئەم کتێبە لە بارەی نەمساوە بنوسم.

**نیشتمان پەروەر نیم**

- تۆ لە پەیوەندییەکی پڕ مشتومڕو گوماناویدای لە گەل نەمسادا،هەندێك جار خۆپیشاندان لە دژت دەکرێت وهەندێك کتێبخانە فرۆشتنی کتێبەکانت رەتدەکاتەوە.بەردەوام پارتی راستڕەوی توندڕەویش دوودڵ نەبووە لە رێکخستنی(شالاَوی قسەکردنی پاشملە)دژ بە تۆ لە رێگای لافیتەی گەورەی ئاگادارییەوە ولە سەرانسەری ولاَتدا،کە لێیان نوسراو(ئایا یەلینیکتان خۆشدەوێ،یان هونەرو رۆشنبیری)لەو بارەوە قسەمان بۆ بکە.

ئەلفریدە:پەیوەندی من ونەمسا بە شێوەیەکی نادیبلۆماسی تێکشکا،ئەگەر ئەم گوزارشتە راست بێ.خۆمم ماندوو کرد لە دژایەتی کردنی ئەم ولاَتە وهەڵوێستە درۆزنانە بێ ئەژمارەکانی بەرامبەر بە مێژووی خۆیی(کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە).ماندووبوم وئارەقەم رشت،ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە ئەوانی تر درێژە بەم تێکۆشانە بدەن.ئێستا زیاتر رۆژنامەنوسان بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن.خۆزگەش زووتر دەستیان بەم بایەخپێدانە بکردایە.بەوەش رۆشنبیرانیان لەو ماندوو بوونە دوور دەخستەوە،بە تایبەت کە ئەوان بەهرەدارنین لەم مەسەلانەداو زۆرجاریش ناچار دەبن باجی شتێك بدەن کە بەرپرسیاریەتیەکەی دەکەوێتە سەر شانی لایەنێکی تر.لە پێغەمبەر دەدەین سەرباری دوورکەوتنەوە لە مامەڵەکردن لە گەل پەیامەکەیدا وەك لە گەل(تۆماس برنارد وئەوانی تردا روویدا)ئێمەی رۆشنبیرانی سەر بە نەوەی یەکەمی پاش جەنگ،ناچاربوین هەستین بە ئەرکی روونکردنەوەی مێژوو.چونکە جگە لە ئێمە کەس نەیدەویست ئەو کارە بکات.بۆیە بە تیرۆریستی مەعنەوی تومەتبار کراین.تەنانەت لە لایەن هەندێك کەسیشەوە کە سەر بە ریزەکانی ئێمەن وباوەڕیشیان بە بۆچونەکانمان هەیە.وەکو کەسێك ئەم تێکۆشانە ماندووی کردم ،بۆیە سەبارەت بە خۆم سنورێکم بۆ ئەم ئەرکی روونکردنەوەیەم دانا.بێگومان من عاشقی ڤیینەناو هەندێ جیگای ترم،بەلاَم هەستێکی نیشتمان پەروەریم نییە بەرامبەر بە ولاَتەکەم.ئەوەش کارێکی ئازار بەخشە،رەنگە لەو ئازارو دڵەڕاوکێشەوە دوودڵی نوسین وەربگرم.

- به هەر حاڵ،زۆر کەس دەڵێن خۆشی ودڵنیایی مادەی ئەدەبی نین.

ئەلفریدە:گومانی تێدا نییە کە نوسەر گەلێك هەن توانای باسکردنی خۆشی ویۆتۆبیاو قسەکردن لە بارەیانەوە هەیە،بەلاَم من لە جێگایەکی ترەوە ئەجولێمەوە،ئەوەش هیچ پەیوەندییەکی بە شێوازەکانی منەوە نییە.من وەك ژنێك،واتە وەك ئەندامی چینێکی سڕاوە لە کۆمەلگادا،تا ئێستا سیفەتی بکەری نەدراوەتێ وزۆرجاریش وەك(شت)مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێ،لە ناخمدا هەست بەم ستەمە کۆمەلاَیەتیانە دەکەم.چونکە ژن بە پلەی یەکەم جەستەی دیاریی دەکات،هەر ئەوەشی لە سەرە بە نوسراوی بیگوازێتەوە،منیش هەوڵ دەدەم ئەوە بکەم.

- چونکە گەڕایتەوە بۆ لای بابەتی ژن وجەستە،دەیڵێیتەوە کە تۆ دەترسی لە گەورە بوونی تەمەن ولە سەر هەموو مرۆڤێکە کە(لە کاتی گونجاودا خۆی بکوژێ).ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە لە گەل زەمەندا چۆن راڤە دەکەی؟

ئەلفریدە:لە بەر ئەوەی ژنم،بە پلەی یەکەم لە سەرمە(جەستە بم)چونکە مەودای هێمایی وخەیاڵی پیاوان داگیری دەکەن.دواجار من هەست بە پیربوونی جەستە دەکەم زۆرترو زیاتر لە پیاوان،پیاو هەلی قەرەبوکردنەوەی هەیە بۆ گەرانەوەی سەرنجڕاکێشانی جەستەی بە یارمەتی دەسکەوت وشانازی فیکری وهونەری یان مادییەوە،ئەوەش بۆ ئافرەت ئەستەمە.

ژن بەندە بە جەستەیەوە هەر لە لەدایك بونییەوە تا کۆتایی.هونەرمەندێکی جوانیش یاخود نمایشکارێك لە تەمەنی بیستساڵیدا بەهایەکی زیاتری هەیە لە ژنێك لە تەمەنی شەست ساڵیدا نۆبڵی لە ئەدەبدا بە دەست هێنا بێت.هەرچەندەش باسی پێچەوانەکەی بکەیت وواقیعیش پشتگوێ بخەی هەر وایە.ئەوەش بە تایبەت بەسەر کۆمەلگاگەلێکدا جێبەجێ دەبێ وەك کۆمەلگاکانی ئێمە کە تا ئەوپەڕی ئارەزوو جوانی جەستە دەپەرستێ.واتە جەستە وجوڵەکانی جگە لە هەندێك کەلا خستن، فیکر بێزار دەکات. لە بارەی ئەو وتەیەشمەوە(پێویستە مرۆڤ لە کاتی گونجاودا خۆی بکوژێت)دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانم بە دایکم کە لە دوا رۆژەکانی تەمەنیدا نەخۆش بوو،تا مردنی لە تەمەنی 97 ساڵیدا.

## لایەنی بە هێزەكان لایەنی ئەدەب نییە

- پەیوەندیت لە گەل دایكتدا سەخت بوو،لە رۆمانی(كچەی پیانو ژەن)یشدا باسی ئەم پەیوەندییەت كردووە.لە بارەی خێزانەكەتەوە قسەمان بۆ بكە.

ئەلفریدە:باوكم زانایەكی كیمیا ناسی چیكی یەهودی بوو،حەزی لە گفتوگۆو شیكاری بوو.پێیشم وایە بە نوسەر بوونی من بە شێكی دەگەرێتەوە بۆ چاكەی ئەو.هەر زوو چێژی راهاتنم لە گەل وشەدا بۆ دەرخستم.دایكیشم كاسۆلیكیەكی بە رەگەز رۆمانی وئەڵمانی بوو.كە لە دایك بووم،باوكم چل وهەشت ساڵ ودایكیشم چل وسێ ساڵان بوو.منیش تاقە كچیان بووم باوكێكی سۆشیالیستی و دایكێكی بورجوازی، دوو جیهانی جیاواز بەیەكدا دەدەن و منیش لە نێوانیاندا دەتلیشێمەوە ، مناڵیم لە ڤێنا بەسەربرد و مۆسیقای ، پیانۆوكەمانچە و ئۆرگم خوێند . لە زانكۆش بەردەوام بووم لە خوێندنی مێژووی هونەر و شانۆ، بەشیعر نوسین دەستم پێكرد كە لە دیارترین گۆڤاری پێشەنگی نەمساییدا بلاّودەكرایەوە ئەوەش گۆڤاری (پرۆتۆكۆل) بوو. پەیوەندیم لەگەڵ باوكمدا گوماناوی بوو: تارادەی پەرستن نزیك بووم لە دایكمەوە لەكاتێكدا كە هیچ رۆژێك پەیوەندیەكی گەرمم لەگەڵ باوكمدا دروست نەكرد . باوكم كەسایەتیەكی لاوازبوو هەر زووش هاوسەنگی عەقڵیی لە دەستدا. بە شێتیش ساڵی 1968 لە خەستەخانەی شێتەكاندا مرد و من پەشیمانم كە بایەخم پێ نەدا.

- جیل دۆلۆز ئەڵێ: هەرچەندە هەڵەی زیاتر بكەین لەژیاندا ، پەندی زیاتر ئەبەخشین، لەم قۆناغەی ژیانندا چی پەندێك دەبەخشی؟

ئەلفریدە: بێگومان چەند وانەیەك بە خۆم دەڵێم ، چونكە هێشتا من فێرنەبووم عەیبە دیارەكەی خۆم تێپەڕێنم، ئەویش كەم ئارامییە. زۆرجار بە پەلەوە هەڵسوكەوت دەكەم یان بڕیار لەسەر شتێك دەدەم . پاشان زۆر پەرچە كرداری مرۆڤێكی سەركوتكاری دەسەڵاتدارم هەیە، دەبێ بەردەوام دژ بە ئەم غەریزانە تێبكۆشم. ئەوەی كە زۆرم رق لێیەتی ، لوتبەرزیە. ترسی گەورەشم كەسە توندرەوەكانە. بۆیە بۆ نمونە بەنیگەرانیەوە چاودێری هەڵگشانی ئیسلامیە توندڕەوەكان ئەكەم، ئەوە هەڵكشانەش هۆكار گەلێكی هەیە كە لێرەدا دەرفەت نیە باسی بكەم، بەڵكو من هەر پسپۆریش نیم تێیدا، هەرچەند من لەبارەی ئەم بابەتەوە زۆریش ئەخوێنمەوە مافی بەرگری كردنم هەیە لە نموونەكانی سەدەكانی رۆشنگەری و بەهای دیموكراسی و یەكسانی نێوان ژن و پیاو ، ئەگەرچی هێشتا ئەم بەهایانە لەولاّتەكانماندا بەتەواوەتی جێبەجێ نەبوونە . ئەمەوێ ئەوەی لە توانامدایە بیكەم بۆ ریسوا كردنی هەموو شێوەكانی جیاكاری لە جیهانەكەماندا، چونكە ئێمە كاتێك كە رقمان لەوی تر ئەبێتەوە ئەوا بەتایبەت رقمان لە خودی خۆمانە. كاتێكیش كە ئەنوسم، هەمیشە هەوڵدەدەم لایەنگری لاوازەكانبم، لایەنی بەهێزەكان لایەنی ئەدەب نییە.

<u>تێبینی:</u>

= الدونیە - واتا دواخانەی خوارەوە،یان دوا پلەی ژێرەوە.

= بۆرنۆگرافیا - ئیرۆتیك

= ئەم گفتوگۆیە لە پاشكۆی(النهار)ی ئەدەبیەوە وەرگیراوە.

= پێشەكی ئەم گفتوگۆیە زۆر درێژبوو،پەرەگرافێكم لێكورتكردۆتەوە.